# تاران بە نیازە داوای لیستەکی کەسایەتی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە بەغدا بکات



سەرچاوە سیاسییە ئاگادارەکان ڕۆژی سێشەممە (19ـی ئەیلولی 2023) بەرەوپێشچوونی □□وشو□ن□ ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقیان ئاشکرا کرد بەرامبەر به حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا، سەرچاوەیەک بە ئاژانسی "موتەڵەع"ـی ڕاگەیاند: "تاران بە نیازە داوا لە بەغدا و هەولێر بکات لیستەکی ناو و کەسایەتی گرنگ و کاریگەر لە نێو حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بدرێتە تاران بۆ مەبەستی دادگاییکردنیان"، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، "تاران ئەو کەسانە بە پلان دانەر و ئەنجامدانی چەندین چالاکی چەکداری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تۆمەتبار دەکات، کە بوونەتە هۆی کوژران و برینداربوون لە هێزەکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران و هاوڵاتیانی مەدەنیدا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو ژمارەیە لە هەرێمی کوردستان و سنووری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتدایە و جار جار لەناو خاکی عێراقدا چالاکییەکانیان ڕێکدەخەن"، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد، کە ئێران دۆسیەی دەیان کەس لە سەرکردەو ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی بە مەبەستی ڕادەستکردنیان بە حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری عێراق و بە مەبەستی هێنانەوەیان بۆ ئێران و دادگاییکردنیان ڕادەست دەکات.